# ئاكامی کاری کومیتەی پشتیوانی پەنابەرانی ئەلتاش

هەروەک ئاگادرن ئێمە لە ماوەی سێ حەوتوی ڕابردوو دا کار و تێکوشانی خۆمان بە بەردەوامی لە چەند وەڵاتێکی ئەوروپایی و لە گەڵ کومیتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەردوام کردوە و بە خۆشحاڵیەوە خەریکە کارەکانمان ئەنجامی ئەرێنی وەر گرێ و لە لایەکی ترەوە ڕوژ لەگەڵ ڕوژ کوردێکی زیاتر پێوەندیمان لەگەڵ ئەگرن و پاڵپشتیمان ئەکەن .

لە وەڵاتی نروێژ بەڕێز کاک عارف باواجانی وەک ئەندامی چالاکی کومیتەکەمان پێوەندی گرتوە لەگەڵ هەمو دام و دەزگا و ڕاگەیاندی نروێژی و وەڵامەکانیش ئەرێنین و جێگای دڵخۆشین و هەروەها ناوبراو لە بەرنامەیەکی چڕ و پڕی دەنگی ئەمریکا بە زمانی فارسی بەشداری کرد و بە باشی لە سەر ڕەوشی پەنابەرەکان ئاگاداری دایە خەڵک و تائسیرێکی باشی هەبوە و بەردەوامیش لە هەوڵ دان و کەسانێکی دڵسوزی دیکە ئامادەی کارکردن و چالاکین لەو بوارەدا .

هەروەها ڕوژ تێڤێ بەرنامەیەکی ڕاستە و ڕاستی یەک سەتاعەتی هەبو لە سەر ئەو بابەتە و نوێنەری کومیتە هیوا بەشداری کرد لە ستودیە و عارف باواجانی بە تەلەفون و نوێنەری پەنابەرەکانی گیرخواردوی سنوری ئوردەنیش بە تەلەفون بەشداری کرد وباسی ژیانی نالەباری خۆیانی بە گوێی خەڵک گەیاند و پاش ئەو بەرنامەیە گەلێ مروڤی دڵسوزی کورد لە هەر چوار گوشەی دنیا پێوەندیان پێوە گرتوین.

لە ماوەی ڕابردو دا پێوەندیمان بە دەفتەری یو ئێن لە ئوردن ، عێراق ، کوردستان و سوریەوە گرتوە .

لە سوید پارلەمانی سوید ، دام و دەزگا مەدەنیەکان ، حیزبەکانی ئەم وەڵاتە و ڕاگەیاندن ئاگادار کراونەتەوە و قەرار وایە لە پارلەمان دێباتی لە سەر ساز بێ و وەزیری دەرەوە بانگێشتن بکرێ و نامە بۆ سەفارەتی ئوردن لە سوید بنێرن...

چەندین کەس لە گەنج و لاوەکان بە خوێندنەوەی بانگەوازەکانی ئێمە ویژدانی نەتەوەیی و ئێخلاقیان پاڵی پێوە ناون کە بە ئەرکی خۆیان هەستن و نامە بو لایەنە پێوەندی دارەکان بنوسن و یەک لەوانە کچە کوردی خاوەن هەستی بەرزی نەتەوەیی و مروڤانە لاوێنە و کارەکەشی گەلێ نەتیجەی باشی هەبوە .

لە وەڵاتی ئەوسترالیا کاک خالید عەزیزی چالاک بوە و لە ڕێگای رادیوە ئاگاداری داوەتە دانیشتوانی ئەو وەڵاتە و هیواداریین بەردەوام بێ و کاری دیکەش بکەن .

سەر ئەنجام نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئوردن ڕێگای پێ درا کە بچێتە لای پەنابەرە گیرخواردوەکانی سەر سنور و هێندێ یارمەتی سەرەتایان پێ بگەیەنێ .

حکومەتی ئوردن وەڵامی داوەتەوە و دەڵێ ئێمە ئامادەین یارمەتی بەو کەسانە بدەین کە لە سەر سنور گیریان خۆاردوە بۆ کوێ پێیان خۆشە بچن بەڵام نابێ بێنە ناو خاکی ئێمەوە .

لە شەوی 2 ی ڕێبەندان لە سوید کە لە لایەن کومیتەی حیزبی دیموکرات لە سوید ئامادە کرا بو و زیاتر لە سێ هەزار کەس بەشدار بون ئێمەش لەوێ بوین و یارمەتی مادی و ئیمزامان کۆ کردوە

.

بەداخەوە بشداری کردنی خەڵکەکە بو وەڵام دانەوەی ئێمە کەم بو و ئەوەش پەیوەست بو بە هەڵوێستی هێندی لە بەرپرسانی ئەوێ کە بەداخەوە هێشتا لە نێوان کێشە شەخسیەکان و بەرپرسیارەتی نەتەوەیی دا سنوریان نیە و تێ ناگەن کە چون هەڵسو کەوت دەکەن .

ئێمە داوامان لە بەرپرسی کومیتەی حیزب لە سوید کاک حەمەعەلی عەنایەتی کرد کە ئەویش ئیمزای پشتیوانی بخاتە پاڵ ناوی ئەو خەڵکەی دیەکە باڵام بەداخەوە حازر بەنو و بەلاشمانا نەهات.

ئێستا کێشەی ئەلتاش و پەنابەرەکانی سەر سنوری ئوردن بوتە کێشەیەکی جیدی و لە هەمو جێگایەکەوە ئاوڕی لێ ئەدرێتەوە و بوەتە ڕوژەڤی کومیتەی نەتەوە یەکگرتوەکان بو کارو باری پەنابەران وهیوامان وایە هەرچی زوتر بە ئاکامی باش بگەین . هەروەها جێگای داخە کە هەتا ئێستا حکومەتی کوردستان وەڵامی نەداوینەتەوە سەرەڕای ئەوەی بە ڕەسمی و ناڕەسمی داوامان لێ کردون و بەردەوامیش دەبین و چاوڕوانین کە وەڵاممان بدەنەوە و بە ئەرکی خۆیان هەستن .

لە داهاتوش دا ژمارەی ئەو پارەیە ڕادەگەیەنین کە بە ئێمە گەیشتوە و هەروەها ڕێگا و چونیەتی گەیاندی بەو خەڵکە لێ قەوماوە ڕادەگەیەنین .

جارێکی تر ڕادەگەیەنین کە ئێمە خەڵکانێکی نەتەوەیی و بێ لایەنین و تەنیا کارمان خزمەت کردنی ئەو کوردە لێ قەوماوانەیە و هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتی بۆ ئێمە تێ دا نیە و قسە و هەڵوێستی نابە جێی هێندێ کەس و لایەنی نا بەرپرسیار دڵ ساردمان ناکاتەوە .

دانیشتوانی کەمپی ئەلتاش وەک ئێمە حەزیان لە ژیان و ئاسودەیی یە و حەقی بێ ئەم لاو ئەولای خۆیانە و هەمو ئەو چارەڕەشی و نەهامەتیەش کە دووچاری بونەتەوە کوردبونیانە و ئێمەش وەک ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە بەرپرسیاری چارەنوس و داهاتویانین .

بە هیوای ئەو ڕوژەی کورد چی دیکە ئاوارە و پەڕیوە نەبێ.

کومیتەی پشتیوانی لە کوردەکانی کومپی ئەلتاش
hiwagol@hotmail.com